وەزارەتی دەرەوەی تورکیا سەرکۆنەی هێرشەکی حووسییەکان بۆ کەشتییەکی تورکی دەکات

وەزارەتی دەرەوەی تورکیا سەرکۆنەی ئەو هێرشە مووشەکییەکەی کرد کە لە کەناراوەکانی یەمەن لەلایەن حووسییەکانەوە کرایە سەر کەشتی بارهەڵگری "ئانادۆڵو ئێس" کە ئاڵای وڵاتی پانامای هەڵکردبوو.

سەبارەت بەو هێرشەی لە کەناراوەکانی یەمەن کرایەسەر ئەو کەشتییە، وەزارەتی دەرەوەی تورکیا ڕاگەیاندراوێکی بڵاوکردەوە، لە ڕاگەیاندراوەکەدا هاتووە: "ئیدانەی ئەو هێرشە مووشەکییەی دەکەین کە لە کەناراوەکانی یەمەن لەلایەن حووسییەکانەوە کرایە سەر کەشتی بارهەڵگری وشکەی "ئانادۆڵو ئێس"ی سەربە کۆمپانیایەکی تورکیا کە ئاڵای پانامای هەڵکردبوو".

هەروەها لە ڕاگەیاندراوەکەدا ئاماژە بەوە کراوە دەستپێشخەری پێویست کراوە بۆئەوەی ڕووداوێکی هاوشێوە دووبارە نەبێتەوە.